## بۆکان لە شیعر و گۆرانی دا

یەک لەو سەرچاوانەی وا دەبێ بۆ نووسینی مێژووی دواڕۆژی بۆکان سەیر بکرێت، ئەوەیە ناوی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری لە گۆرانی و بەیت و باوی کۆن، هەروەها لە شیعری شاعیران و نووسراوەی نووسەراندا تۆمار بکرێن. ئەوە کارێکی گەورەیە و لە لایەکەوە هەست و نەستی شاعیر و شایەران سەبارەت بەو شوێنە دەردەخات لە لایەکی دیکەوە ناوی گەلێک گوند و تەنانەت رووبار و چیا و دەشت و مەزرا و کانیاو و شوێنەواری دیکە زیندوو رادەگیرێت، بۆ نموونە حەسەن زیرەک لە کاتی ژیانی لە بەغدا بە گۆرانی باسی "حەمامی تازە" یا "حەمامی نمرە" ی بۆکانی کردوە کە ئەودەم تازە بنیات نرابوو و تەنانەت ناوی ئەمینداری حەمامەکە - واتە رشیدی رۆستەم پاڵەوان – باوکی محەمەد و عەلی پەهلەوانی لە گۆرانییەکەدا هێناوە، یا لەگۆرانییەکانی دیکەیدا باسی ناڵەشکێنە، حەوزەگەورە، خوڕێنک، قەڵای سەردار و ناوچەکانی دەوروبەر وەک سەرچۆمی مەجیدخان، خانەقای زەمبیلی کردوە.

دۆزینەوەی ئەو سەرچاوانە و گردوکۆ کردنەوەی ئەو زانیارییانە کارێکی زۆری پێ دەوێت، بەڵام بۆ مێژووی کۆمەڵایەتی شار و ناوچەکە پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بۆکان لە شیعری شاعیرانی وەک حەقیقی، ئەفخەمی، وەفا، و گەلێکی دیکەدا زیندوە و لە گۆرانی حەسەن زیرەک و عەلی خەندان و حسەنی دەرزی و ئیبراهیمی فەتاحی و تاهیری خەلیلی و هونەرمەندانی دیکە و هەروەها لە بەیتی "حەمەجان" و بەیت وێژانی ناوچەکەدا دەبێ شوێنی هەڵبگیرێت.